له : كۆمه‌ڵه‌ی شۆڕشگێری زه‌حمه‌تكێشانی كوردوستان،كومیته‌ی ئاڵمان
بۆ : ڕێكخراوی جیهانی كورد

ب : ڕێز لێنان له‌ كه‌سایه‌تی روناكبیر و ئاكادمیستی كورد،ڕێزدار،گوڵمراد مورادی

له‌گه‌ڵ ڕێزو سلاو ،
ڕێزدار گوڵمراد مورادی ده‌گرین كه‌ ڕێز له‌ هه‌وڵ و تێكۆشانی كه‌سایه‌تی روناكبیرو ئاكادمیست و دڵسۆز، ساڵانێكه‌ خۆنه‌ویستانه‌ زه‌حمه‌ت ده‌كێشت و تێده‌كۆشێ. سوپاس و پێزانین و ڕێزگرتن وه‌فایه‌كه‌ بۆ ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ خۆی ماندوو كردووه‌ بۆ ئه‌وه‌ی له‌ بوارێك له‌ بواره‌كان خزمه‌ت به‌ مرۆڤایه‌تی بكات و له‌ ڕاستیدا دابه‌شكردنی وه‌فا و سۆز و خۆشه‌ویستییه‌ بۆ ئازیز و هاوڕێ و ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ ته‌نها هه‌ر خۆیان نابینن و هه‌وڵ بۆ پێكه‌وه‌ ژیان ده‌ده‌ن.

هه‌ر بۆیه‌ به‌شبه‌حاڵی خۆمان سوپاس و پێزانینمان هه‌یه‌ بۆ ئازیز و خۆشه‌ویستی ڕێزدار گوڵموراد مورادی، كه‌ جێ په‌نجه‌ی دیاره‌ له‌ خزمه‌تكردن و خزمه‌تگوزاری به‌ كۆمه‌ڵگاو نیشتمانی و قه‌ت له‌ بیر ناچێته‌وه‌ و هه‌میشه‌ له‌ناو دڵ و ویژدانی زیندووی كۆمه‌ڵگادا ده‌مێنه‌وه‌. هیوای له‌شساغی و به‌رده‌وامی بۆ ده‌خوازین و چاوه‌ڕوانی كاری زیاتری لێده‌كه‌ین. لێره‌شه‌وه‌ سپاسی ڕێكخراوی جیهانی كورد ده‌كه‌ین بۆ به‌ڕێوه‌ بردنی وه‌ها كۆڕ و كۆبونه‌وێک بۆ ڕێزلێنان له‌ كه‌سایه‌تیه‌ به‌ناوبانگه‌كانی گه‌له‌كه‌مان، هیوای سه‌ركه‌وتنی زیاتر و به‌رده‌وامبوونمان بۆتان هه‌یه‌.

به‌ سپاسه‌وه‌

كۆمه‌ڵه‌ی شۆڕشگێری زه‌حمه‌تكێشانی كوردوستان،كومیته‌ی ئاڵمان